# فیلمی دووباره تێکەڵ کردنـ




ماوەیەکە لە هەندێك ولاتی عەرەبـی و ئەمریکا فیلمی (the kingdom) نمایش دەکرێ لەم فیلمەدا سیاسەت و دین رۆڵێکی سەرەکی تێدا دەبینن و باس لـە تیمێکی هەڵبژێـردراوی ئەمریکـی تایبەت بـە قەڵاچۆکردنی تیـرۆر دەکات کە سـەر بە (F.B.I)ن بـۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوێکی تیرۆریسـتی کە کۆمەڵگایەکی ئەمریکی لە سعودیا کردبووە ئامانج لە سـاڵی ١٩٩٦ و بووە هۆی کوشـتنی ١٩ هاووڵاتـی ئەمریکی، لێکۆڵینەوەکان بە هاوبەشـی لەگەڵ تیمێکی دیکـەی سـعودی ئەنجام دەدرێن، بەڵام هەردوو تیمەکە دووچاری زۆر گرفت دەبنەوە لەوانە جیاوازی فەرهەنگی نێـوان ئەندامانـی هەردوو تیمەکە.

فیلمەکـە بەر لـە نمایش کردنی و دوای نمایشکردنیشـی مشتومڕێکی زۆری نایەوە، سـەرچاوەیەك لە لیژنەی سـینەما لە وەزارەتی راگەیاندنی کوێتی گوتی: لە کوێـت نمایش کردنی فیلمەکەی قەدەغە کـراوە ئەمەش لەبـەر زۆر هۆ لەوانـە دووری فیلمەکە لە واقیـع، چونکە لە سـەرەتای فیلمەکە دەرهێنەر وا نیشـان دەدات کە ئوسـامە بن لادنی سـەرۆکی رێکخراوی قاعیدە بە دەسـەڵاتدارانی سـعودیای راگەیاندبوو کـە لە توانایدا هەیە کوێت رزگار بکات بێ ئەوەی پشـت بە هێزی بێگانە ببەسـتێت، هەروەها لە بەحرێنیـش قەدەغە کراوە بێ ئەوەی هۆکاری قەدەغە کردنەکەی ئاشکرا بکرێت.

**ریسوا کردنی تیرۆریست و فەرهەنگی توندڕەوی**

هەندێـك لە شـارەزا و پسـپۆڕانی سـینەمای جیهانی پێیان وایە سـعودیە پشـتگیرییەکی زۆری بەرهەمهێنانی فیلمەکەی کردووە، چونکە لە سـاڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردوو هەمیشـە دژی عەرەب بوون، چونکە رووی راستەقینەی شـازادەکانی کەنداوی نیشـاندەدا ئەمەش تا رادەیەکـی زۆر کاریگەری لەسـەر گەلانی عەرەب هەبووە و جەماوەریتـی شـایەکانیان رووی لە کەمـی کردبوو هەر ئەمەشە بووە هۆی سـەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنی جیاجیا لەو وڵاتانە بەتایبەتی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی و هێزە توندڕۆکان کە دەسـەڵاتیان بە لادەر لە شەریعەتی ئیسلام تاوانبار دەکرد، ئەمـەش بوو بە هۆی نارەزایی و توڕەبوونی دەسـەڵاتداران عـەرەب لە هۆلیۆد و بـە هۆکارێکیان دادەنـا بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان رۆژئاوا و وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی سعودیا، ئەوانەی دژی فیلمەکەشن پێیان وایە ئەمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی رای گشتی سـعودی بەتایبەتیش لاوەکانیان دوور بکەونەوە لە پشـتگیری کردنی توندڕەوان، چونکە سعودیییەکان درکیان بەوە کردووە کە هەرچەندە رای گشتی سعودی دژی تیرۆرە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێك لە دەوڵەمەندەکانیان پشتگیرییان دەکـەن، ئەوەی لـەم فیلمەدا تێبینی دەکـرێ ئەوەیە کە بە هیچ شـێوەیەك بە ئاشـکرا دژی عەرەب و ئیسلام نییە و بە شێوەیەکی زۆر ئیجابی باسیان دەکات ئەمەش گومانی زیاد کردووە کە سعودیا بە تەواوی پشتگیری لە فیلمەکە دەکات، هەروەها وەڵامدانەوەیەکی ئەو کەسانەیە کە بەردەوام سعودیا بە پشتگیری کردنی تیرۆر تاوانبار دەکەن دوای ئەوەی دەرکەوت کە ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی کارەساتی ١١ی سێپتێمبەریان ئەنجامدا سعودی بوون، فیلمەکە هەوڵ دەدات ئەوە بخاتە روو کە بەشـێکی زۆری هاووڵاتیانی سعودیا دژی تیرۆرن و بە هەموو شێوەیەك بەشـداری دەکەن لە قەڵاچۆکردنی تیرۆر و خۆیان وەك قوربانی ئەم کارەسـاتە نیشان دەدەن، لە کۆتایی فیلمەکـە یەکێك لـە پاڵەوانانی فیلمەکە کە سـعودییە بە هاوڕێ ئەمریکییەکەی دەڵێت: هەموویان دەکوژین و لەناویان دەبەین.

**رازی کردنی ئەمریکا و پشتگوێ خستنی رای گشتی**

هەندێك لە پیاوانی ئایینی سـعودی لە لایەن خۆیانەوە بە توندی دژی بیرۆکەی فیلمەکەن وپێیان وایە ئەمەش هەوڵێکە



فیلمەکە وا نیشان دەدات کە زۆربەی سعودیەکان دژی تیرور وکلتوری توندڕەوین

# the kingdom

# ...ــی هونەر و سیاسەت



بۆ رازی کردنی ئەمریکا و بە هەمووی شێوەیەك رای گشتی سـعودی تێدا پشتگوێ خراوە، هەروەها وای نیشان دەدەن کە ئەوان واتە ئەمریکییەکان زیاتر لە ئێمە هەست بە کێشە و ئێش و ئازارەکانمان دەکەن و نارەزاییەکانیان لە چەند خاڵێك کۆدەکەنەوە:

١- ئەمریکا و رۆژئاوا پێیان وایە( ئیسلام) واتە تیرۆر و ئەم فیلمە وا نیشان دەدات کە کۆمەڵگای سعودی فرە ئاینییە کە ئەمە بەلای ئەوانەوە راست نییە.

٢- پەیامی فیلمەکە بریتییە لەوەی کە سعودییەکان ناتوانن وڵاتی خۆیان بپارێزن و هەمیشە پێویستیان بە ئەمریکا هەیە.

٣- سعودیا وڵاتێکی دواکەوتووە و دوورە لە شارستانیەت و پێشکەوتن.

٤- فیلمەکە هۆیەکە بۆ پتەوکردنی فەرهەنگی رق و مانەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو، و زیاتر مەبەستی ئەوەیە کە ئێمەی سعودی نەوەکانمان لەسەر توندوتیژی پەروەردە دەکەین و، بە هیچ شێوەیەك هەوڵی ئەوەی تێدا بەدی ناکرێت کە دەرگای گفتوگۆ لە نێوان شارستانیەتەکان بکرێتەوە و گرفتەکان بە لێکگەیشتن چارەسەر بکرێن لە جیاتی رەت کردنەوەی بەرامبەر و دوور کەوتنەوە لە جەنگ.

هەروەها هەندێك لە سعودییەکان پێیان وایە ئەمریکییەکان دیانەوێ هەڵەکانی خۆیان بە عەرەب بشارنەوە، کاتێك دەبینرێ کە پیاوانی (F.B.I) زۆر کۆك و تەبان لەگەڵ یەکتردا و هاوکارییەکی زۆری یەکتر دەکەن بۆ سەرکەوتنی کارەکەیان هەرچەندە هەر یەکیان لە شوێنێکی جیاواز هاتوون و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان بەهێز نییە، لە بەرامبەردا وانیشان دەدرێت کە ناکۆکییەکی زۆر لەنێوان هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی سعودی هەیە کە دەگاتە رووبەرووبوونەوەی چەکداری لەنێوانیاندا لە کاتێکدا لە زۆربەی ئەو فیلمانەی کە لە ئەمریکا بەرهەم دەهێنرێ ناکۆکی نێوان (F.B.I) و پۆلیسی ئەمریکی بابەتی سەرکییانە.





فیلمی THE KINGDOM لە دەرهێنانی پیتەر بیرگ و بەرهەمهێنانی کۆمپانیای ریۆنیڤەرساڵ پیکچەرز و لە پاڵەوانێتی جێمی فۆکس و کریس کۆپەر و جنیفەر گارنەرە، هەروەها ژمارەیەك لە ئەکتەری ئەمریکای لاتینی بەشداری تێدا دەکەن لەگەڵ ژمارەیەك قوتابی زانکۆکانی کەنداو بەتایبەتی ئیماراتییەکان، بەڵام هەموویان بەشێوەی کۆمپارس بەشدارن، ماوەکەی ١١٠ خولەکە.

زۆربەی دیمەنەکانی لە بیابانی ئەریزۆنا گیراون لەو شوێنەی کە پلەی گەرمای زۆر جار لە سەرووی ٤٠ پلەی سەدییە، بیرگ زۆر جار سەردانی سعودیای کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت رووداوەکانی فیلمەکە زیاتر لە واقیع نزیکتر بن، هەروەها بەشێکی دیمەنەکانیش لە ئیمارات گیراون، هەرچەندە دیمەنەکان هیچیان لە سعودیا نەگیراون، بەڵام بەرپرسانی فیلمەکە توانیویانە کەش و هەوایەکی هاوشێوەی سعودیا دروست بکەن، پیتەر بێرگ دەربارەی فیلمەکەی دەڵێت: بەراستی تووشی شۆك بووم کاتێك هەستم کرد زۆر کەس هەن نازانن کە ١٥ کەس لە کۆی ١٩ لەوانەی فڕۆکەکانیان رفاندبوو بۆ ئەنجامدانی کارەساتی ١١ی سێپتێمبەر سعودی بوون نەك عێراقی، هەروەها خودی ئوسامە بن لادنیش سعودییە، من دەمەوێ کورەکەم دوای ١٥ ساڵی دیکە بزانێت لە سعودیا چی روویداوە و چۆن روویداوە و کێ بوون ئەوانەی بەم کارە هەستاون دژی هاووڵاتیانی ئەمریکی لە سعودیا.

دوای ئەوەی فیلمەکە لە زۆبەی شوێنەکان نمایش دەکرێت و زۆرترین ژمارەی خەڵك دەیبینن بەتایبەتی لە سعودیا کەنداو پێشبینی دەکرێت رووبەرووی رەخنەیەکی زیاتر ببێتەوە لە لایەن تیرۆریستان و ئەوانەی لەناوەوەی وڵاتەکانیان پشتگیرییان لێدەکەن بە هەموو شێوەیەك بۆیەش دەسەڵاتدارانی سعودی بە ئاشکرا ترسی خۆیان لەم بارەیەوە راگەیاندووە.

●●●
**هەندێک لە سعودیەکان پێیان وایە ئەمریکیەکان دەیانەوێ هەڵەکانی خۆیان بشارنەوە و سعودیەکان بە دواکەوتوو نیشان دەدەن**
●●●




# چەند نۆتەیەکی موزیک لە تابـــ



جیۆڤانی ماریا باڵا کە ئەندازیارێکی کۆمپیۆتەر و موزیکی ئیتاڵیە رایگەیاند کە نۆتەیەکی موزیکی نهێنی لە تابلۆی سەرنجڕاکێشی (دوا خواردنی ئێوارە) ی هونەرمەند ناوداری ئیتاڵی (لیۆناردۆ داڤنشی)دا دۆزیوەتەوە و ئاشکرای کرد کە نۆتەکە دەربڕی ئازارەکانی مەسیحە لە ڕێگای خوێندنەوەی سروتە ئایینییەکان.

جیۆڤانی کە کتێبێکی تایبەتی دەربارەی ئەم دۆزینەوەیە بڵاوکردۆتەوە رایگەیاند کەلەسەر تابلۆکە وێنەی هەندێك هێڵی کێشاوە کە زۆر لە هێڵی نۆتەکانی موزیکی دەچێتو بۆی دەرکەوت کە ئەو شێوانەی کەسایەتییەکانی ناو تابلۆکانی پێی دەردەکەون هەندێك مانا هەڵدەگرن کە زۆر لە موزیك نزیکە، جیۆڤانی هەروەها گوتی: ئەم تابلۆیە چەند ساتێکی ڕۆمانەکانی ئینجیل زیندوو دەکاتەوە ئەویش دوا خواردنی ئێوارەیە کە حەزرەتی مەسیح لەگەڵ قوتابییەکانی خواردوویەتی بەر لەوەی بەدیل بگیرێ و لە خاچ بدرێت، هەروەها حاڵەتێکی سەرسوڕمان بە سیمای قوتابییەکانەوە بەدی دەکرێت کاتێك پێی ڕاگەیاندن کە یەکێك لە قوتابییەکانی خیانەتی لیدەکات، جیۆڤانی بالای تەمەن ٤٥ ساڵ لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ئاژانسی ئەسیۆشیدت پرێس ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەو لە ساڵی **٢٠٠٣**وە دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە لەسەر تابلۆکە دوای ئەوەی لە بەرنامەیەکی ڕۆشنبیری تەلەفزیۆنیدا بیستی کە ژمارەیەك لە زانا پێشبینی ئەوە دەکەن داڤنشی نۆتەیەکی موزیکی لە تابلۆکەیدا شاردۆتەوە و دواتر هیچم دەربارەی ئەو مەسەلەیە نەزانی و وەك لایەنی موزیکیش حەزم کرد زیاتر لە کێشەکە بکۆڵمەوە و، لە کتێبەکشیدا بالا ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن توانیویەتی چەند هێمایەکی مەسیحی بدۆزێتەوە کە چەند مانایەکی موزیکی دەدەن بە دەستەوە ئەمەش دەروازەیەکی باش بوو بۆ لێکۆڵینەوەکەی و هەر یەك لە موریدەکانی حەزرەتی مەسیح و دەستە ڕاکشاوەکانیان و پارچەکانی نان بەشێکی نۆتەکە دەنوێنن، بەڵام من نەمتوانی نۆتە موزیکییەکە بە باشی بخوێنمەوە تا ئەو کاتەی شێوازی نهێنی داڤنشی لە خوێندنەوە



# ــــلۆیەکی داڤنشیدا ئاشکرا دەبن



بەکارنەهێنـــا ئەویش خوێندنەوەی لە راســـتەوە بۆ چەپ بوو، پارچە موزیکەکە بریتییە لە ســـرووتێکی ئایینـــی و درێژییەکەی ٤٠چرکە دەبێت و باشـــترین ئامێری موزیکی بۆ ژەنینی ئۆرگنی کۆنە کە لە بۆنە ئایینییەکان بەکاردەهات لەســـەردەمی ژیانی داڤنشی، شایەنی گوتنــە زانایان وێنــەی دانەیەکی ئەم تابلۆیەیان لەســـەر ئەنتەرنێت بڵاوکردۆتــەوە بۆ ئەوەی ملیۆنەها کەس لــە بتوانن ببینن و ناچار نەبن روو لە شاری میلانۆ بکەن بۆ بینینی، ئەم وێنەیە بە کامیرایەك گیراوە کە تواناکەی ١٦ ملیار پێکسڵ دەبێت واتە ١٦٠٠ جار ئەوەندی کامیرایەکی ئاســـایی دیجیتاڵ بیگرێت ئەمـــەش دەرفەت بۆ زانایان زیاتر دەکات بـــۆ ئەوەی بتوانن هەموو جۆرە لێکۆڵینەوەیەك لەســـەر تابلۆکە ئەنجام بدەن لەوانەش شـــوێنی ئەو وێنە کۆنانەی کە داڤنشی بەر ئەنجامدانی تابلۆکە کیشابووی.

شـــایەنی گوتنە داڤنشـــی ئەم تابلۆیەی لە ساڵی ١٤٩٨ کێشاوە لەناو کەنیســـەی سانا ماریا دیللا گراســـیا و بوو بە باسی رۆمانی کۆدی داڤنشی و دواتریش کرایە فیلمێکی سینەمایی و بە پێچەوانەی ئەو پێشبینیانەی کە پێشتر هەبوون گوایە داڤنشی شێوازی فریسکۆی بەکارهێناوە لە کێشـــانی ئەم تابلۆیە بەڵکو راستەوخۆ دیواری رەنگ کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت زۆرترین رەنگی تێدا بەکاربهێنێت هەر ئەمەش وایکرد تابلۆکە زوو تێك بچێت و پێویستی بە چەندین نۆژەنکردنەوەی هەبێت کە یەکەمیان دوای بیست ساڵ لە تەواو بوونی بوو، ئەم تابلۆیە مشـــتومڕێکی زۆری دەربارەی کەسایەتی داڤنشـــی نایەوە، چونکە چەندین توخمی تێدا بەدی دەکرێت کە ســـەر بە تێگەیشتنی تەقلیدی مەســـیحییەت نین کە لە بنەڕەتدا تابلۆکە بۆ دەربڕینی تێگەیشتن لە مەســـیحییەت کێشراوە، زۆ رکەس پێیان وایە ئەم تابلۆیە وەك زۆربەی کارەکانی دیکەی داڤنشـــی چەند ئاماژەیەکی نهێنی تێدایە کە دژی بیرو باوەڕی کاســـۆلیکی مەسیحی بوو لەو سەردەمەی کە کاسۆلیك باڵا دەست بوون لە ئەوروپا.